سوزن

یاسین عومەر



# پیشەسازی دروستکردنی دیکتاتۆرەکان

کاتی خۆی سارتەر وتبووی هیچ دیکتاتۆرێك نییە بتوانێت دوو رۆژ حوکمی ولاَتێکی وەك ئینگلتەرا بکات، بەلاَم دیکتاتۆر هەیە دەتوانێت دووسەد سالْ حوکمی ولاَتێك لە ولاَتەکانی کیشورەی ئەفریقا بکات .. ئەمە مەتەلْ نییە بەلْکو پەندێکی سادە وخۆڕایی ئەم فەیلەسووفە بوونگەرایەیە ... پەندێك کە پێماندەلْێت چ کەلێن و جیاوازییەکی گەورە هەیە لەنێوان دوو ولاَت، دوو کلتوور، دوو هۆشیاریی جیاوازی یەك رەگەزیی مرۆییدا، ئەم حیکمەتە فەلسەفییە پێماندەلْێت ستەمکار و دیکتاتۆرەکان هێزێکی دەرەمرۆیی نین و توانایەکی بانسروشتیان نییە، ئەوان دروست نابن بەلْکو دروستدەکرێن، خۆیان بەویستێکی خۆیی خەلْق نابن بەلْکو خەلْقدەکرێن .. دیکتاتۆرەکان بەرهەمی پیشەسازی میللەتە نەخوێنەوار و هەژار و ناهۆشیارەکانن، بەداخەوە هەندێك لە میللەتەکان پیشەسازیدەکەن بەلاَم پیشەسازییەکەیان تەعبیرە لە قوتکردنەوەی ستەمکار و ئایقۆنە پۆلاَیینەکان ... چەند سەدەیەك پێش سارتەریش بیریاری زرنگ و ئازا (( ئاتین دۆلابۆتی )) لە کتێبە نایابەکەیدا (( خۆبەکۆیلەکردن )) مرۆکانی لەوە ئاگادار کردبووەوە کە ستەمکارەکان بەتەواوەتی مرۆیی ئاساین، دوو چاو، دوو گوێ، دوو دەست، دوو قاچ و یەك دلْیان هەیە، بەلاَم ئەوە ملکەچی و ترسنۆکی و گرگنی مرۆڤەکانی ترە کە وادەکات سەرۆکێکی بچکۆلانە دە هەزار چاوی هەبێت چونکە ئەوان پێویستیان پێی نییە و دەیبەخشنە سەرۆك، دەبێتە ئەژدیها و لەبری یەك سەر دەهەزار سەر و لەبری یەك رۆح دەبێتە خاوەنی ملیۆنێك رۆح ...

ئەم پیشەسازییەی دروستکردنی دیکتاتۆر لای هەر نەتەوە و گەلێك شێوازی تایبەتی خۆی هەیە، هەیانە بە بێدەنگی دروستیدەکات وەك کەنعان مەکییە دەیوت " بەعس بێدەنگی دروستنەکرد بەلْکو بێدەنگی بەعسی دروستکرد " بەعس و لەسەریشیەوە دیکتاتۆرێکی رەزاتالْی وەك سەدام حسێن بە دەریایەك لەبێدەنگییدا هات، ئەوە کە ئێستا دەیبینین لە قەفەسی تۆمەتبارییدا هێشتا وەك سەرۆکی شەرعی کۆماری عێراق خۆی دەناسێنێت بەتەواوەتی راستدەکات، ئەو کاتێك بوویە بابەگەورەمان کەمێکی زۆر کەم نەبێت هەموو لەبەردەمییدا بەچۆك هاتن .. ئەوە یاساییەکان نەبوون دیکتاتۆرییەتەکەیان بۆ بەیاسایی دەکرد ؟ مەلاکان فەتوایان بۆدەدا، پرۆفیسۆرەکان تێزەکانیان لەسەر حیکمەتەکانی ئەو دەنووسی، هونەرمەندەکان هونەرەکەیان پێشکەشی ئەو دەکرد و هاولاَتییە ئاساییەکانیش مەڕیان لەبەرپێدا سەردەبڕی ؟

لە ولاَت و شوێنی تریشدا دیکتاتۆرەکان بە چەپلْە و خۆشەویستی و دەنگپێدان دروستدەکرێن، نموونەی فۆهرەر لە ئەلْمانیا زەقترین نموونەیەکە، هیتلەر پێش ئەوەی بێتە ناو دنیای سیاسەتەوە پیاوێکی رێکوپێکی بچکۆلانە بوو، نیگاری کەنیسە و بینا بەژن بەرزەکانی ئەلْمانیای دەکێشا و بە جادەکاندا پیاسەی دەکرد، کە هاتە ناو دنیای سیاسەتەوە ئەوەندەیان چەپلْە بۆ کوتا هەتا کردیان بە ئەو دێوەی کە خەریکبوو هەموو دونیا قوتبدات، وتی قەرەجەکان بسووتێنن، سووتاندنیان، وتی جولەکەکان بکەنە سابوون، خۆیان پێشتن، وتی کەمئەندامەکان بکوژن، ئیدی قەلْەمڕەوی ئەم خودایەی کە رەگەزی بەشکۆی ئارییی بۆخۆی قوتکردبووەوە خالْی بووەوە لە شەل و کوێر و نەخۆشە موزمینەکان و ئیدی ئەو دونیایەی ئەو بەبێ ئەمانە چەندە لەنگ بوو ...

ئەم چیرۆکە لێرەدا کۆتاییناییەت و پینۆشێ و عیدی ئەمین و جەمال عەبدولناسر و کاسترۆ و چەندین ناوی تری هاتە سەر و هەریەکەیان دەرهەق بەو مەعشوقانەی کە کردیاننە کاریزما و بت شاکاریان خولْقاند، ولاَتیان پڕکرد لە زیندان و لە دیوار و لەبرسێتی و لە خۆکوشتن و لە سەرئێشە و هەلْهاتن .. هەرچەندە ئاغای فۆکۆیاما کاتێك تێزە پڕ لە هەلْەکەی خۆی لەبارەی کۆتایی مێژوو و بەلیبرالیزەبوونی دونیاوە نووسی باوەڕی وابوو کە ئەو مەخلوقەی ناوی دیکتاتۆر و ستەمکارە وەك دیناسۆرەکان ئینقیرازدەکات و بەناخی زەوییدا رۆدەچێت بەلاَم وادیارە هێشتا پارچەیەك زەوی هەیە کە ئەمجۆرە مەخلوقەی بەر لە مێژوو بتوانێت تیایدا بژی ..

کە رەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان بلاَوکرایەوە و ئەو کۆکتێلە عەنتیکەیەم بینی هیچ سەرمنەسوڕما، بەلْکو تووشی شۆکدەبووم گەر دەستوورێکی تۆکمەی وام بدیبایە کە بەبێ هیچ قسە و مساوەمەیەك بەرەوپێشبردنی رەوشی سیاسی و دەستووریی لە هەرێمی کوردستان لەبەرچاو بگرتایە و ئامانجی بوایە .. بێگومان ئەو دەستوورە بەندی یاسایی باشی تێدایە بەلاَم لەپالْ ئەو بەندە باشانەدا شاکاری یاسایی تیایە کە سبەی یان دوو سبەی دیکتاتۆرێکمان لێقوتدەکاتەوە بەناوی سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە (( دیارە ئەمە هیچ پەیوەندییەکی بە سەرۆکی ئێستای هەرێمەوە نییەو باس لە ئەگەرەکانی دوای جێگیر کردنی ئەو رەشنووسە دەکەین )) ..

شتێك نزیکتر لە دیکتاتۆر و زۆر دوور لەهەر سەرۆکێکی ئاسایی ناموقەدەس کە لە دیموکراسیەتە پێگەیشتووەکانی جیهاندا دەیبینین، دەستوورێك کە سەرۆکی ولاَت لەهەموو لێپرسینەوەیەك دابمالْێت و دەسەلاَتێکی وای پێبدات کە تەخشان و پەخشان بە دەسەلاَتەکانی بکات و بەملاو ئەولادا پەرلەمان هەلْبوەشێنێتەوە و باری نائاسایی رابگەیەنێت و وەزیر لاببات و هەر قسەی کرد ببێتە یاسا و بۆی هەبێت پرۆژە یاسای ئەو هەموو ئەندام پەرلەمانە خەوالْووە رەتبکاتەوە یان تەعدیلی بکات و بە مەرسومێك لەتاوانباران خۆش ببێت و هێزی هەرێم بۆ دەرەوە بنێرێت و هی دەرەوە بهێنێت چی تیا دەمێنێتەوە، ئەمە سەرۆکە یان مرۆڤێکە لەبەرگی دەسەلاَتەکانی خودادا، ئازیزان من دەزانم لەمەدا موعجیبی ئەو دەسەلاَتانە بوون کە سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەیەتی بەلاَم ئێوە بیرتان نەچێت کە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا یەك دنیا چاودێریکەرمان هەیە بەسەر دەسەلاَتەوە کە لەهەر هەلْە و کەموکوڕییەکدا دەیکەنە هەرا، س ئێن ئێن و واشنتن پۆست و نیۆرك تایمزمان هەیە، دادگایەکمان هەیە کە دەتوانێت کچ و کوڕی سەرۆك بانگبکاتە بەردەمی و لێپرسینەوەیان لە تەکدا بکات، نەك هەر ئەوە خودی سەرۆکیش بانگدەکات و چی بوێت لەگەلْییدا دەیکات... بۆ ولاَتێکی وەکئەوەی ئێمە سەرۆکێکی لەو شێوەیە کە رەشنووسی دەستوور پێشنیاری کردووە جگە لە کارەسات هیچ شتێکی تری لێناکەوێتەوە لەبەرئەوە هەر ئێستا نەك درەنگتر کاتی ئەوەیە پیایدا بچنەوە، لەبەر خاتری ئێستاش نا بە تەنیا بەلْکو لەبەر بەرژەوەندی ئەو نەوانەی لە ئایندەدا دێن ..